# یەکپارچەی عێراق خەونێکی لە مێژینەیە و نەهاتووەتە دی ، ئێستاش مەحاڵە بێتە دی

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

هەرچەندە ووشەی عێراق لە دێر زەمانەوە بە سنور و بالای ئەم ناوچەیەدا براوە عێراق کە بە زمانی عەرەبی بە واتای کنار ( شاگیو) دێت ، هەندێك دەڵێن ئەو ووشەیە لە زمانی سۆمەریەوە وەرگیراوە بە مانای نیشتەجێ بوون دێت ، وە هەندێك را هەیە کە ئەو ووشەیە فارسییە و بە واتای ولاتی خوارو دێت ، لە سەردەمی کاشیەکان بەم ناوچەیە ووتراوە ( اریقا ) وە بە سۆمەری پێی ووتراوە ( اورك یان اونوك ) وە پاشتریش بە عێراقی عەرەبی و عێراقی عەجەمی ناوزەد کرا ئەمەش ناوچە کوردنشینەکانی نەدەگرتەوە ئەو سەردەمە پێی دەوترا هەرێمی چیاکان ، بەڵام تاکو ساڵانێکی پاش بڕانەوەی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی نەوەك و دەوڵەت ونەوەکو دەسەڵات یەکپارچە نەبووە تەنانەت لە سەردەمی چوار سەدەی لە فەرمانڕەوای دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانی ناوچەکە دابەشی سەر سێ ویلایەت بووە کە بریتی بوون لە ( موسڵ و بەغدا و بەسرە )کە هەریەکەیان دەسەڵات و فەرمانڕەوای جیاوازیان هەبووە ، بە سەرکەوتنی هاو پەیمانان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا نەخشەی سیاسی و ئابووری و ئیداری و فەرمانڕەوای ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هات ، پاش ئەوەی کە بریتانیا سەرکەوتنی لە ئیدارە کردنی ناوچەکە واتە ( لە هەرسێ ولایەتی بەغدا و بەسرە و موسڵ ) بەدەست نەهێنا بۆیە کەوتە بیر کردنەوە و گرتنەبەری ڕێگا چارەیەك بۆ نەزم و شێوازێکی تری کارگێڕی لە ناوچەکەدا ، بە مەرامی ئەوەی کە جڵەوی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی لە ژێر رکێفی خۆیدا بمێنێتەوە ، ئەویش سەرەتا دروست کردنی حکومەتی عێراقی بوو بە سەرۆکایەتی ( عبدالرحمن نقیب گەیلانی ) لە ساڵی 1920 ئەمەش بۆ هێوەر کردنەوەی ئەو دۆخە نائارام و شەڵقیوەی ناوچەکە و خامۆشکردنەوەی تەقینەوە و ڕاپەڕینەکان بوو کە لە هەرسێ ولایەتەکەدا بەرۆکیانی گرتبوو ، وە پاشتر بریتانیا بیری لەوە کردەوە کە دەوڵەتێك لە ناوچەکەدا دابمەزرێنی بە ناوی دەوڵەتی ( عێراق ) ەوە ئەمە پاش راوێژ کردن و چەند و چۆن و تاوتوێ کردنێکی زۆر لە ساڵی 1921ز دا دەستەبەر بوو ، بەڵام لە بەر ئەوەی پێکهاتە نەتەوەی و کەلتوری و ئاینی و مەزهەبیەکانی عێراق پێکهاتەیەکی جیاواز و ئاڵۆز بوون شێوازی سیستەمی پاشایەتی هەڵبژێدرا بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوە و مەلیك فەیسەڵ لە ناو شەش کاندیدی تردا بە شای عێراق لە کۆنگرەی قاهیر لە ساڵی 1921ز دیاری کرا ، سەرەتا خەڵکی هەردوو ولایەتی موسڵ و بەسرە زۆر نیگەران و نارازی بوون کە بە خەڵك و خاکەوە بە پێکەوە گرێدان و لکاندنیان بە ولایەتی بەغدا کە دەسەڵاتی ناوەندی و پایەتەختی بەرکەوت ، شا فەیسەڵ هەوڵ و تەقەلاکانی بەکار هێنا و چەندین ڕێگای گرتەبەر بۆ ئەوەی عێراقێکی یەکپارچە دروست بکات بەڵام رەنج بە خەسار بوو وە هەوڵەکانی بێ هودە و بێ ئەنجام بوون چونکە وەك لە یاداشتەکانیدا کە لە کۆتای بیستەکانی سەدەی بیستدا ئاماژەی پێکردووە دان بەوەدا دەنێت کە نەیتوانیوە گەلێك دروست بکات بەناوی گەلی عێراقەوە تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی خەڵکی عێراق هەرچەندە لەرووی ئاینیەوە ئیسلامن بەڵام تەنها ئایین نەیتوانی ببێتە پرد و رایەڵەیك بۆ پێکەوە بەستنەوەی ئەو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازانەی کە لە عێراقدا دەژین و بوونیان هەیە .

لە سەردەمی پاشایەتی شاکانی عێراق یەك لەدوای یەك بەردەوام بوون بۆ هێنانە دی ئەو ئارمانج و ئاواتەی کە عێراقی لە سەر بینا کرابوو بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەلاکان نەبوونە کۆڵگەیەکی پتەو تۆکمە بۆ دامەزراندنی گەلێکی یەك ڕەنگ لە عێراقێکی یەکپارچەدا و سۆزی هاو نیشتمانی بوون لەلای نەتەوە جیاواز و ئاینزاکان بخولقێنێ ، بەڵکو هەر سەردەمێك و قۆناغێك شێوازێ نارەزای و دەنگ هەڵبڕینی لێدەکەوتەوە ئەنجامەکەشی کوشتارێکی زۆر لەو کەین و بەیندا دەبوونە سوتەمەنی ئەو بە زۆر لکاندن و گرێدانەی نەتەوە و تایفەکانی عێراق .
کاتێك شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە عێراقدا بەرپا بوو خەڵکی و دەسەڵاتداران وا تێگەیشتن ئەم سیستەمە دەبێتە بنەما و مایەی پێکەوە بەستنەوەی تاك و کۆی خەڵکی ئێراق ، بەڵام هەر زوو ئەو پەردە و دەمامکانە ئاشکرا و لاچوون چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە ئەم دەوڵەتە بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەبی دەزانن ، نەتەوەپەرستانی عەرەب لە هەموو بڵێن و پەیمانەکانی ناو دەستوری کاتی عێراقیش پەشیمان بوونەوە ، هەوڵ و تەقەلاکان رێچکەیکی دیکەیان گرتەبەر و زمانی زۆر و هەڕەشە و داپڵۆسین و کوشتن بوونە زمانحاڵی ئەو پێکەوە بەستنەوەیە و بە زەبری ئاگر و ئاسن و پاکتاو کردنی نەژادی و مەزهەبی و توانەوەی نەتەوەکانی تر لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا هەمیشە پیشەی فەرمانڕەواکانی کۆماری عێراق بووە ، ئەوەی شورەیی و نەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و هەموو کارێکی ناشایستە و ڤێزەون بۆ ئەو مەرام و مەبەستە بەکار هێنرا تاکو شوێنەوار و ئاسەواری کورد وەکو نەتەوەی دووەم بسڕنەوە شێوازی یەکپارچەی لەعێراقدا بەبەرهەم بهێنن ، ناسنامەی عێراقی عەرەبی بەکردنی بە گەلی عێراق بدەن .
پاش لە ناوچوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و لە دوای ئۆپراسیۆنی ئازادی عێراق هەل و دەرفەتێکی نوێ لە بەردەم عێراقییەکاندا کرایەوە کە شێوازێکی دیکە بە باڵای ئەو یەکپارچەیەی عێراقدا ببڕن ئەویش گەڕانەوە بۆ لۆجیکی مێژوو ئەو سێ ولایەتی کە پێشتر عێراقیان لێ پێکهێنا بوو کە سێ هەرێمی جیاواز بوو تەنانەت لە رووی تۆبۆگرافی و ئەتنۆگرافی و فەرهەنگی و نەتەوەی و مەزهەبی و کەلتوری و کەش و هەوا و چەندین خەسڵەتی تریشەوە جیاوازن ، بۆیە بەڕای من دەبێت بەڕاستی عێراقێکی فیدریاڵی بێت و دوور بێت لە هەموو پیلان و گێچەڵێکی دەسەڵاتی ناوەند کە هەمیشە گومان و دڵەڕاوکێ لەلای خەڵکی دروست دەبێت ئەگەر حکومەتی ناوەند بەهێز بێت ئەوا حاڵی هەرێمەکان شلۆق دەبێت ، جگە لەوەش بیانو گرتن لەم دۆخەدا کە هێشتا دەسەڵاتی ناوەند لە ژووری بووژاندنەوە (انعاش)دایە بڕینی پێداویستیەکانی رۆژانەکانی هاووڵاتیان وەکو( موچە و بەنزین و کارەبا و ...هتد ) بۆ کوردستان بەرنامە رێژی بۆ دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیەو .
ئەمڕۆ زەمەن گۆڕاوە دەبێت وەکو ئەمڕۆ بیر بۆ سبەینێ بکەینەوە و پەند و ئامۆژگاری لە دوێنێ وەرگرین ، ئەگەر دیمۆکراسی بەرکەماڵ بێت ئاوا ئەو لکاندنە بە زۆرەملێیە دەستەبەر نابێت وە ئەگەر رژێمێکی دیکتاتۆری فەرمان رەوای عێراق بکات ئەوە تاس و حەمامەکەی جارانە ، سەرکردە سیاسیەکانی کورد وەکو دیفاکتۆیەك کە رەچاوی دۆخە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەکەن و زۆرجاران گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە لە بەغدا بە مەرامی بە دەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان ، بەڵام ئەشێت ئەو واقعە کە سەرلەبەری مێژووەکەی بە زۆری زۆردارەکی بووە بۆ عێراقێکی یەکپارچە لەلای چاودێرانی سیاسی و فەرمانڕەواکان ئاشکرا بێت خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە و گونجاو بۆ ئایندەی ناوچەکە فەراهەم بکەن و میکانیزمێکی نوێ بکەنە ئەلتەرناتیف بۆ ئەوەی مێژووی خوێناوی بەسەر خەڵکی بەش مەینەتی ناوچەکەدا دووبارە نەبێتەوە چونکە گرتنەبەر و جوینەوەی بابەت و خیارە و رێگا تاقیکراوەکان هەمان مەرگەسات و تراژیدیای مێژوو دووبارە دەکەنەوە.